# دەورو نەخشی کورد لە عێراقی یەکگرتوودا!

**کەمال ڕەئوف**

هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی عێراق بەهەموو کەموو کورتیەکانیانەوە بەهەموو لایەنە سلبی وشاراوەکانیەوە, ڕەنگە بۆ خەڵکی کورد ئەو دەستکەوتە گرنگەی لێبکەوێتەوە کەچیتر مەسەلەی نەتەوەی کورد وەك مەسەلەیەکی بچوك و لاوەکی لەلایەن نەتەوەی سەردەست و سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە سەیر نەکرێت و هەموو لایەنەکان تەنانەت بەو وولآتانەشەوە کە دراوسێی عێراقن و کێشەی کوردیان تێدایە چیتر نەتوانن مەسەلەی کورد وەك کێشەیەکی ناو خۆیی و لەناو سنورێکی داخراوی چوارچێوەیدا سەیر بکەن , بۆیە زیادە ڕۆیی نییە گەر بڵێن بەدوایی ئەم هەڵبژاردنەو سەرکەوتنەدا کوردلە پێکهێنانەوەی حکومەتی عێراقدا جێگەو ڕێگەیەکی شیاوترو دیاریتری دەبێت کەبەراورد ناکرێت لەچاو سالأنی ڕاپڕدوودا هەروەها بەراوردیش ناکرێت لەچاوجێگەو ڕێگەی کورد لە ئیدارەو حکومەتەکانی تورکیاو سوریاو ئێران , لەڕووی نێودەوڵتیشەوە ئەم بەشداری کردنەی کورد لەحکومەتی ئایندەدا دوولایەنە دەوەستێتەوە چونکە بۆ ئەوان جگەلەو خاڵەی کە شانازی بەوەوە دەکەن کە ڕۆڵێکیان بە کوردەکان داوە لەهەمانکاتیشدا ڕێژەی کورد لەحکومەت و پەرلەمانی ئایندەدا پارسەنگی زۆرینەی شیعەکانی پێدەدرێتەوە وپارسەنگی ئەوهێزە ئیسلامی و نەیارانەی ئەمریکای پێدەدرێتەوە کەبوونێکی بلفعلیان هەیە ,بۆیە لەئاواحاڵێکدا مانەوەی کوردیان لەعێراقدا لا گرنگە تەنانەت ئەگەر ئەم جەخت کرکدنەوەشیان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق لەسەر حسابی خەڵکی کورد بێت, ئاشکراشە بەهاتنە ئاراوەی هەلومەرجێکی تازەی ئاوا مەسەلەی جیابوونەوەو پێکەوە ژیان لەناو عێراقدا بوعدێکی سیاسی تازە دروست دەکات کە ڕەنگە دۆستەکانی کورد بەئەمریکاشەوە ( ئەگەرئەمڕۆ بەدۆستی کورد حساب بکرێت ) بکەونە سەنگەری دژایەتی کردنی خواستی خەڵکی کوردەوە بۆجیابوونەوە , هەربۆیە خەبات کردن بۆ سەلماندنی مافی چارەی خۆنووسین پێ دەنێتە نێو قۆناغێکی تازەوە کە پێدەچێت پیاچوونەوە بەلایەنە دۆست و هاوپەیمانەکان( ئەگەر هەبێ) زەرورەتێکی ئانی بێت , هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوەیی وبنەبرکردنی کێشەکەیان لای کوردەکانیشەوە پێویستی بە ڕۆشنتر بوونەوەی زیاتری سیاسیانەو فۆرمۆڵە کردنێکی تازەوە هەبێت کەلەدیدگای حیزب و لایەنێکی سیاسی و ئایدلۆژیایەکی دیاریکراو یان گرووپێکی سیاسی تەجاوزبکات و بەرژەوەندیەکانی خۆی نەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی و دەستکەوتی کاتی حیزبیەوە , ئەم بۆچوونە کە ئێمە لێرە لەسەری ئەدوێن هەرچەندە بەهۆی هەلومەرجی نالەباری سیاسی وهوشیاری خەڵکەوە بەدرێژایی سەرهەڵدانی بزاڤە کوردیەکان تاکو ئێستا حیزب بەبێ گەرانەوە بۆڕای خەڵکی خۆی بە قسەکەرو دەمڕاستی ئەو خواستانە زانیووە کەخەڵك هەیبووە و ئەو هەقەی بەخۆی داوە کە سەرکردایەتیەکەی وەك سەرکردایەتی نەتەوەو خەڵك بەگشتی بناسێنێت , بەلآم بەدوایی ئەم ئالۆگۆڕانەدا یەکێك لەو کارانەی کە دەبێت لەو مەسەلەیەدا ئەنجام بدرێت ئەو خاڵەیە کەدەبێت خەڵك بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانی خۆیان چیتر هەرچاوەڕێ دەستی حیزب و ئیدارەکان نەکەن و ئەو تەقلیدە بشکێنن کە گروپ ڕابەرایەتی نەتەوەبکات , هەروەها دەبێت حیزبەکانیش خۆیان لەگەڵ هاتنە ئاراوەی ئەو هەلومەرجە نوێیەدا وئامادەبکەن کەچیتر ناکرێت وەك سەردەمانی پێشوو خۆیان بەشوان و خەڵکیش بەمێگەل بزانن, هەروەها هەڵەیەکی گەورەش دەکەن ئەگەر وابزانن ئەو سەرکەوتنەی کە تاڕادەیەك لەپرۆسەی دەنگدانەکاندا بەدەست هات پەیوەندی بە شێوازی دەسەلآتدارێتی و مامەڵەکردنی چەندسالی ڕابردووی ئەوانەوە هەبووبێت, لەوەش ترسناکتر ئەوەیە لای ئەوان والێکبدرێتەوە ئامانجەکانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوە بووبێت کە سەرکردە حیزبییەکان بتوانن لەپۆستە سیادیەکانی ئایندەی عێراقدا جێگەیان بەرکەوێت, چونکە خەڵکی کورد بەو ئومێدە چوونە بەر دەم سندوقەکانی دەنگدان تاکو لەڕێگەیەکی سیاسی و مەدەنیانەوە کێشەکانی خۆیان بەرەو چارەسەرکردن بەرن و بتوانن بەو

شێوازە نوێیە دەنگی خۆیان بگەیەننە ئەو دەسەلأتەی کەبڕیارە گوێبیستی خەڵك بێت , بۆیە بەشداریکردنی کورد لەپۆستە سیادیەکانی ئایندەدا لەلای دەنگدەران ئەوکاتە گرنگە تاچەندە دەتوانرێت ئەو خواستانە بگەیەنرێنە مەرکەزو داکۆکیشیشان لێبکرێ, چونکە بەشداری حیزب لەدەسەلأتدا ئەگەری ئەوەشی هەیە کە چیتر حیزبە کوردیەکانی بەشداری ناو دەسەلأت هەوڵی ئەوەبدەن کەخەڵکی لەسەر خواست و داواکانی خۆیان پەشیمان بکەنەوە وهەوڵی ئەوەبدەن کە بەدەستکەوتی کاتی و بچوك ڕازیان بکەن , بۆیە ڕەنگە ئاکامی دەنگدانەکان ئەو دوو ڕێیانەی لێبکەوێتەوە کە حیزب و خەڵك لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بەتەواوەتی لەیەك جیابکاتەوە و لەهەموو کاتێك ئاشکراتر نێوانی حیزبە براوەکان و خەڵك فراوان ببێتەوە.